# ئاوڕدانەوەیەک لەسەر کامێراکانی ٣٦٠ پلەیی



## کامێرای جۆری Theta V بە توانای وێنەگرتنی K4:

کۆمپانیای Ricoh چەند ساڵێکە خەریکی بەرهەمهێنانی کامێرای ٣٦٠ پلەییە کە تواناکانی ئاست بەرزبن. ئێستا کۆمپانیای ناوبراو لە رکابەرییەکی جیدیدایە و دەیەوێ چەند هەنگاوێك لە پێش ئەوانی دیکە بێت. نوێترین کامێرای ناوبراو واتە Theta V کامێرایەکە کە دەتوانێت وێنەی K4 بگرێت. کامێراکە دوو لێنزی هەیە و هەستەوەرەکەی ١٢ میگاپیسکلە. وێنەکان بە کوالیتی UHD یا K4 دەگیردرێن. میمۆرییەکەی ١٩ گیگابایتە.



## کامێرای Gear 360ی سامسۆنگ:

سامسۆنگ لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا ناوێکی نامۆ نییە و کۆمپانیایەکی ناسراوە، ئەویش لەبواری بەرهەمهێنانی کامێرای ٣٦٠ پلەییدا خۆی تاقیکردۆتەوەو یەکێك لە کامێرا ناسراوەکانی کۆمپانیای ناوبراو (Gear 360)ە. ئەم کامێرایە لە دوو حاڵەتی Single و dual سوود وەردەگرێت. جگە لە وێنەی ٣٦٠ پلەیی دەتوانێت ڤیدیۆ و دەنگیش بەم شێوەیە بگرێت. وێنەکان بە فۆرماتی JPG تۆمار دەکرێن. لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر لە رێگای بلوتوس و وای-فایەوە پەیوەند دەدرێن. لەگەڵ زۆربەی موبایلەکانی کۆمپانیای دەگونجێن. کوالیتی وێنەکانی ١٥ میگاپیکسلە. تایبەتمەندی کامێراکە گەلێکن کە کامێراوانی پێشەیی دەتوانێت سوودیان لێببینێت. کامێراکە بە تۆز و خۆڵ تێکناچێت و هەربۆیە بۆ وێنەگرانی پیشەیی لە شوێنی کراوەدا گرنگی خۆی هەیە.



## کامێرای وەرزشی ٣٦٠ پلەیی VIB 360:

گارمێن یەکێك لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کامێرای ٣٦٠ پلەیی، یەکێك جۆرەکانی خۆی بەناوی VIRB 360 خستەڕوو، کامێراکە لە دوو لێنزی ١٨٠ پلەیی پێکهاتووە کە پێکەوە کامێرایەکی ٣٦٠ پلەیی پێك دێنن. دەکرێت بەبێ ئەوەی کە دەست لە کامێراکە بدەی تەنیا بە دەنگ کۆنترۆڵی بکەی. ئەم کامێرایە وێنەکانی زۆر لەسەرێیە بە کوالیتی K5 وێنە دەگرێت. کامێراکە جگە لە سیستەمی GPS، هەستەوەری جوڵە، هەواپێو، «ژیروسکۆپ» و ئاراستەنوێنیشی هەیە. بەهۆی کامێراکەوە دەتوانیت زانیاری زۆر گرنگ لە مەودای رۆیشتووی خۆیت بزانی. کامێراکە لە کەشوهەوای ٤٠ هەتا ١٨٥ پلەیی کار دەکات و لە ژێر ئاویشدا تێك ناچێت، بۆیە بۆ وەرزشکاران زۆر گونجاوە چونکە تەکنەلۆژیای وای-فاشی هەیە. لەگەڵ موبایل پەیوەند دەدرێت و هەر لەموبایلەکەشەوە دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێت. کامێراکە نە تەنیا وێنە بەڵکو دەنگیش لە هەرچوارلاوە دەگرێت.



ناوی کامێرای ٣٦٠ پلەیی بۆ زۆر لە خوێنەران ناوێکی نامۆیە، هەرچەندە جارجارە هەواڵ و زانیاریمان لەسەر ئەو جۆرە کامێرایە بڵاوکردۆتەوە، کامێرای ٣٦٠ پلەیی بەو کامێرایانە دەگوترێ کە لەیەك کاتدا لە چەندین کامێرای پێکەوە لێك گرێداو پێك دێن و هەموویان لەیەك کاتدا وێنەیەکی هاوبەش دەگرن.. وێنەیەك کە ٣٦٠ پلەیە واتە هیچ کون و کەلەبەرێك لە هەر چوار دەوری دیمەنێك نامێنێت تەنانەت زەوی و ئاسمانیش.
کامێرای ٣٦٠ پلەیی گشتگیر نەبووە و رەنگە گشتگیریش نەبێت، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەگەڵ وێنەی پانۆرامایی و وێنەی ٣٦٠ پلەیی، وێنەی پانۆرامایی وێنەیەکە لەیەك شوێن کە بازنەیی دەسوڕێتەوە و شوێنی خۆی، بەڵام وێنەی ٣٦٠ پلەیی جگە لەوە وێنەی سەرەو و ژێرەوەش دەگرێت... لێرەدا چەند کامێرایەکی ٣٦٠ پلەیی دەناسێنین.

## کامێرای جۆری fly360 فیلمی HD دەگرێت

کامێرایەکی بەهێز کە لە ریزی یەکەمی کامێرا ٣٦٠ پلەییەکاندایە کامێرای جۆری Fly360، کامێراکە راستەوخۆ سوود لە کێبڵی HDMI وەردەگرێت و راستەوخۆش فیلمەکان بۆ یوتیوب و فەیسبوك دەگوازێتەوە. جگە لەوەش سیستەمی وای-فای هەیە بە مۆبایل و کۆمپیوتەر دەبەسترێتەوە. خاڵی بەهێزی کامێراکە بوونی باترییەکی بەهێزە کە هەتا ١٥ کاتژمێر دەتوانی سوودی لێوەربگری. کاتژمێر و نیوێکی بەردەوام فیلم بە کوالیتی HD دەگرێت. کامێراکە بە پێکەوتن و بەربوونەوە خوار تێکناچێت. میمۆری ناوخۆی ٦٤ گیگابایتە.



## کامێرای Insta360 Nano S بۆ ئایفۆن

کامێرای جۆری Insta360 Nano S سەربەخۆ نییە و بەڵکو لەگەڵ مۆبایلی ئایفۆن پەیوەند دەدرێت و دەتوانێت ڤیدیۆی ٣٦٠ پلەیی بگرێت، جگە لەوەش وێنەی K4یش دەگرێت. ئەو وێنانەی بەو کامێرایە دەگیردرێن ٢٠ میگاپیکسڵن. دەکرێت ڤیدیۆ چت ٣٦٠ پلەیشی پێ ئەنجام بدرێت. کامێرای ناوبراو دوو رەنگی رەش و رەساسی هەیە، گۆشەکانی دیمەنێك هاوکات پێکەوە نیشان دەدات. لە رێگای چاتەوە دەکرێت گۆشەیەك یان هەموو گۆشەکان هاوبەش بکەی. کامێرای ناوبراو توانای گرتنی فیلمی سێ دووریشی هەیە. هەروەك لە وێنەکەدا دەبیندرێ، کامێراکە هەم دەکرێت راستەوخۆ کاری پێبکرێت و هەم دەشکرێت لە موبایلی ئایفۆن پەیوەند بدرێت.

## کامێرای 360 پلەیی Nokia ozo:

کۆمپانیای نۆکیا ئەگەرچی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا تووشی دارمانێکی گەورە بوو، بەجۆرێك کە زۆربەی بەشەکانی کۆمپانیا فرۆشران و کۆمپانیایەکی وا مەزن بەرەو پووکانەوە چوو. لەگەڵ ئەووەشدا لە چالاکی خۆی نەوەستا و دوو ساڵ لەمەوبەر کامێرایەکی ٣٦٠ پلەیی بەناوی OZO بەرهەم هێنا، (وەك باسیش دەکەن ئەو کامێرایەشی راگرتووە). دواتر OZO+ بەرهەم هات.
کامێرای ٣٦٠ پلەیی ئۆزۆ پلاس تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی ئەمانەن:
تۆمارکردنی - ڤیدیۆیی گۆیی شێوە و تێکەڵاو لەگەڵ دەنگ.
- سکانی پێشکەوتووی چواردەوری خۆی.
- هەشت هەستەوەری K4 بۆ ئەوەی کە لەگەڵ دیدی هەر چاوێك بگونجێت.
- دەنگ بەشێوەی سێ دووری. کێشی لەگەڵ باترییەکەی ٩ پاوەندە. لەگەڵ سیستەمی ویندۆز و ماك دەگونجێت..





# کامێرایەکی بچوکی سەد میگا پیکسلی



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیار دەکات چۆن دەکرێت هەموو ئەو زانیاریانەی لەسەر فەیسبوك بڵاوم کردوونەتەوە لە فۆڵدەرێکدا کۆیان بکەمەوە بە وێنە و فیلم و نووسینەکانەوە؟


خوێنەری بەڕێز سەرەتا بچو سەر ئەو شوێنەی کە سێ هێڵی لە بن یەکی تێدایە، لەوێدا بەشی Settings هەڵبژێرە و دواتر لەو بەشەدا شوێنێك هەیە بەناوی General، لە بەشی general ac- count settings دا شوێنێك هەیە بەناوی Download کاتێك ئەو بەشە دادەگری، پاشان فەرمانی start my archive دابگرە و پاسۆردەکەت خۆت لێبدە، دواتر گشت ئەو زانیاریانەی لەسەر فەیسبوك بڵاوت کردوونەتەوە ئیمێلێکت بۆ دێت و بە کردنەوەی ئیمێلەکە لینکی دابەزینی تێدایە و دایبگرە و هەموو زانیارییەکانت دادەبەزن.

# کۆمپیوتەرێکی بێدەنگ بۆ نەخۆشخانە و کتێبخانەکان

پرۆگرامێك بۆ ئامادەکردنی فیلمی فێرکاری

ئەگەر تۆ یەکێك لەوانەی خوازیاری ئەوەی زانیاری لە بواری کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکانی فێری کەسانی دیکە بکەی، پێویستت بە پرۆگرامێك کە ئاسانکاریت بۆ بکات و تۆماری ئەو فیلمە فێرکاریانە بکات کە نیازتە بڵاویان بکەیەوە..

پرۆگرامی تایبەت بە تۆمارکردنی شاشەی کۆمپیوتەر و فێرکاری گەلێکن، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارەش پرۆگرامی Wondershare DemoCreatorە. ئەم پرۆگرامە توانای تۆمارکردنی فیلم لە پرۆگرامەکان، ماڵپەڕەکان، شاشەی سیستەم و تەنانەت ئەو ڤیدیۆانەی کە بڵاویان دەکەیەوە. پرۆگرامەکە بە جۆرێك دروستکراوە کە تەنانەت گوێت لە چرکەی کلیکی ماوسیش دەبێت، یان ئەو دوگمانەی لە کیبۆرد دایان دەگری. توانایی زوم و گەورەکردنی مەبەستەکانتی هەیە. توانای روونکردنەوە لەکاتی تۆمارکردنیدا هەیە. پرۆگرامەکە خێراییەکی زۆری هەیە لە کاتی تۆمارکردندا و دەکرێت فایلەکەت بەو فۆرماتەی مەبەستتە سەیڤی بکەی.




## چاودێرانی من

چاودێرانی منداڵ بەو کامێرا بچووکە ئەمنییەتیانە دەگوترێ، کە هەموو هەڵسوکەوتێکی منداڵەکە لەکاتی نووستن و بێداریدا تۆمار دەکەن و لە کاتی پێویستدا سەرپەرشتیارانی منداڵ ئاگادار دەکەنەوە. کامێرای چاودێری جۆری Netgear Arlo Baby ڤیدیۆیەکان بە کوالیتی 1080P تۆمار دەکات. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و لە هەر جێگایەك بی دەتوانی چاودێری منداڵەکەت بکەی.

مایکەکەی دوو لایە واتە هەم گوێت لە دەنگی منداڵەکەی خۆت دەبێ و دەم دەکرێت لەدوورەوە لایەلایەی بۆ بکەی و گۆرانی بۆ



باسکردن لە کامێرای سەد میگاپیکسل ئەگەر دە ساڵ لەمەوبەر با وەك خەیاڵ دەهاتە بەرچاو، بەڵام بەراستی ئێستاکە کامێرای سەد و دووسەد میگاپیکسیلش بەرهەم هاتووە.

کامێرای سەد میگاپیسکلی لە جۆری iXM هەم قەبارەیەکی بچووکی هەیە و هەم کوالیتییەکی باش، ئەم کامێرایە زیاتر بۆ کۆداکۆپتەرەکان دەگونجێت، ئەم کامێرایە هەستەوەرێکی مەزنی تێدایە لە جۆری BSI و هی کۆمپانیای سۆنییە. کامێرای ناوبراو نە بە ئاو تێکدەچێ و نە بە تۆز و خۆڵ و کەشوهەوای نالەبار. کامێرای iXM شوێنی کەلێنی USB3 هەیە لەگەڵ HDMI و کارتی میمۆری جۆری XQD و کێشی کامێراکە ٦٣٠ گرامە. بەڵام نرخی کامێراکەش زۆر کەم نییە، ٥٠ هەزار دۆلار خانوویەکی پێدێ!



## ماڵپەڕێک بۆ زانیاری لە بارەیی خێرایی هێڵەکەت

زۆربەی ئەوانەی ئینتەرنێت بەکار دێنن، گلەییان لە خێرایی هێڵەکەیان هەیە و پێیان وایە کۆمپانیای خزمەتگوزاری هێڵ فێڵی لێیان دەکەن. هەرچەندە دار هەیە ئەو بۆچوونە راستە و زۆرجار کۆمپانیاکان ئەو خێراییە نادەنە هاوبەشەکانیان کە بەپێی گرێبەستەکە دیاریان کردووە. بۆ ئەوەی کە بزانی خێرایی هێڵی ئینتەرنێتەکەت چەندە، زۆر ماڵپەڕ هەن کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن، جگە لە ماڵپەڕەکانیش چەند ئاپ و پرۆگرامیش هەن بۆ زانیاری لە بواری خێرایی هێڵەکەت، یەکێك لەو ماڵپەڕانە، ماڵپەڕی https://speedof.me/ کە هاوشێوەی سایتی speedtest بەڵام بواری ئینفۆگرافیکی بەهێزترە و زانیاری وردتری لەبارەی هێڵەکەت تێدایە؟

# کۆمپیوتەرێکی بێدەنگ بۆ نەخۆشخانە و کتێبخانەکان

کۆمپانیای Asus ماوەیەکە خەریکی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری وردیلە، یان بەواتایەکی دیکە مینی کۆمپیوتەرە، دیارە هەر خودی ئەو جۆرە کۆمپیوتەرانە لەلایەن بەرکارهێنەر و بەرهەمهێنەرەوە ئێستا گرنگی خۆی هەیە. کۆمپیوتەری وردیلە، گشت ئەرکێکی کۆمپیوتەر مەزن ئەنجام دەدات و قەوارەی بچووکترە، هەڵگرتن و راگواستنی ئاسانترە و بێدەنگترە وزەی کەمتریشی دەوێت.

نوێترین کۆمپیوتەری وردیلەی Asus دوو کۆمپیوتەری وردیلەن بەناوەکانی Mini PC PN و Mini PC PB. هەروەك ئاماژە درا سەرەڕای قەوارەی بچووکیان دوایین سیستەم و تەکنەلۆژیای نوێیان تێدا بەکار هاتووە. میمۆری زۆر خێرای DDR4 و یەکەی لێکدەرەوەی ئەنتەل .. خەڵاتێکی گەورەی تەکنەلۆژیای ساڵی ٢٠١٨یشی وەرگرتووە. خێرایی ٢٤٠٠ میگاهێرتزە، هەردوو جۆری هاردی SSD و HDD دەخوێنێتەوە، چونکە لەکاتی کارکردندا بچووکترین دەنگیان نییە بۆیە بۆ نەخۆشخانە و کتێبخانەکان زۆر گونجاوە..





## ــــــــدالْ هۆشمەندتر دەبن

بلێی. کامێراکە لە تاریکەشەویشدا کێشەی نییە چونکە سیستەمی تیشکی سەرووی سووری هەیە. بەهۆی کامێراکە نەك دەتوانی شوێنی منداڵ بخەیە ژێر چاوەدێری بەڵکو دەکرێت لە دوورەوە بەهۆی کامێراکەوە کۆنترۆڵی ئامێرەکانی سەردی و گەرمی ژوورەکەش بکەی. لەگەڵ سیستەمی بڵندۆی ئامازۆنی ئەلکەساش دەگونجێت واتە دەکرێت هەر گۆرانی و مۆسیقایەك کە منداڵەکە حەزی لێدەکات بەهۆی ئەو سیستەمەوە بۆ لێبدەی.